# هەفتەنامەی فیدراسیون

## ژمارە 3 - 4

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR

هەفتەنامەی فیدراسیون ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

2007 ی کانوونی یەکەمی 2–


## شەقام بە دەست ئێمەوەیە !

هەفتەی ڕابردوو بینیمان کە چۆن ئاپورەی مارشی هەزاران کەسی شەقامە سەرەکیەکانی شارێکی هەژاند کە حزبە ڕاسیست ونژادپەرستەکان دەیانەویت هەویەتی ئینسانی و ئازادیخوازی کۆمەڵگای تیدا بسڕنەوە . بەلام ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شەقامەکانی شاری زیوریخ بە دیدی دەکەین دەنگێکی ترە کە دەویێت بلێت پەنابەران تەنیانین، دەیەوێ بلێت نیشتمان ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ کاری تیدا دەکات و ژیانی تیدا بەسەر دەبات . هەربۆیە هەزاران کەس لەسەر شەقامە گشتیەکانی ئەم شارەدا دەلین (نابۆ سنور، نابۆ نیشتمان، بەڵێ بۆمافی پەنابەری ). ئەم دەنگە دەنگی بەرەیەکی ئینسان وئازادی خوازە کە داکۆکیکردن بەمافەکانی پەنابەران تەنیا مەیدانێکی هەلسوڕان و داکۆکیکردنیانە لە ماف و ئازادیەکانی هاولاتیانی ئەم کۆمەلگایە کەبەتەوای تواناوە لە پشت نارەزایەتی دەربرینەکانی پەنابەران و کەمپەینەکانی فیدراسیوندان ! D... بۆ لاپەرە 6

لەم ژمارەیەدا ئەم باباتە بخوینەوە :


1- نۆینەرانی سێ حزبی سوید، پێشنیارێک دەخەنە بەردەم پەرلەمان سەبارەت بەگۆرینی یاسای .....

2 - سوید لەپەیوەند بە پەنابەرانی عیراقی و ئەفغانی.

3- با لە ساڵ ڕۆژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەراندا.....!

4- نامەی 19 پەنابەری کوردی عیراقی لەزیندانەوە .

5- خۆپیشاندانی نزیک بە 100 کەس لەشاری یەڤلە...

6- ڕۆژنامەی گاردیان نامەی هاوبەشی ...بلاودەکاتەوە

7-کۆبوونەوەی گشتی فیدراسیون لە سوید ......

8- هەوال و چالاکیەکانی فیدراسیون .....


## هەزاران کەس بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی پەنابەران شەقامەکانی برنیا لە سویسرایان تەنیەوە !




## ئەڵمان / نزيك بە 50 کەس خۆپیشاندان دەباتە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لەفرانکفۆرت

لەدریژەی کەمپینی کاروانی مافەکانی پەنابەران وکۆچبەران وڕێکخراوی گەنجانی بێ سنور لەئەڵمانیا لەپێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی عیراقی ودژبەگێڕانەوەی پەنابەران بۆکوردستان، ڕۆژی 16-11 نزیک بە 50 کەس لەنۆینەرانی ڕێکخراوە پەنابەری و ئینسانی وخەلکی ئازادی خوازی ئەڵمانیا خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی یان بردە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لە شاری فرانکفۆرت. بەرپرسی ئەم کەمپینە بەسکرتارێتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند خۆپیێشاندەران بە درۆشمی (دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق ڕاگرن ) لە ئێستگای قیتارەوە بۆ بەردەم ئۆفیسی هێلیێ ئاسمانی زاگرۆس بەرێکەوتن،پاشان نۆینەرانی چەند ڕێکخراو.. D بۆ لایەرە 4

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ئێوه دەڕۆن و ئیمه دمێنینەوه

مارشی شکۆداری شاری زوریخ ، مارشی هاوپشتی دژی ڕاسیستی ،مارشی مەزنی دیفاع له پەنابەران و مافەکانی مرۆڤ، مارشی دژی یاساکانی پەنابەری ولاتی سویسرا، دەنگی خۆی بەکۆمەڵگای سویسرا دەگەیەنێ. ڕۆژی 17 / 11 / 2007 بەبەشداری زیاتر له5000 هەزار کەس فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / سویسرا و چەند ڕێکخراوێکی تر لەهلڤاتیا پلاستی شاری زوریحه بەدەم هوتافکێشانەوه بەرەو ناوەندی شاری زوریخ بەڕێکەت به دروشمی ( نابۆ سنور، نا بۆ ئەمڕۆ نیشتمان، بەڵی بۆ مافی پەنابەری) هیچ ئینسانێک ناقانوونی نیه ، دەبێ هەموو لیرەبمیننەوه پەنابەران دەمێننەوه وبلوخەر دەبێ بڕوا) به تەواوی شاری زوریخی خرۆشاندبوو ، کۆمەڵیکی زۆر له دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەببوون و ووێنەی مارشەکەیان دەگرت. ئەحمەد عەلی سکرتیری فیدراسیون سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی / سویسرا یەکێک له ڕێکخەرانی ئەم مارشه مەزنه له پێشەوەی خۆپیشانداران بەبڵندگۆ ئەم شعارانەی دەوەتەوەو خەڵککەی شاری...پلاکات وشیعارەکانی فیدراسیون له پیشەوەی خۆپیشاندانەکەوه سەرنجی شەقامی زوریخی ڕادەکێشاو دەوری ڕابەرایەتی کردنی مارشەکەی دەبینی. دوای نزیک به سەعاتێک گەران بەناو شاردا مارشەکه هەڵگەڕایەوه بەرەو لیڤتیا پلاتس، دواتر نوێنەری فیدراسیون وچەند ڕێکخراوێکیتر قسەوباسیان بۆ خۆپیشاندەران کرد. دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیون ... لەلەندەنەوه هاتبوو به زمانی ئینگلیزی قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. دەشتی لەباسەکەیا ئاماژەی به هەلومەرجی سەختی عیراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی کرد، باسی لەوەکرد که چۆن عیراق بووته مەیدانی جەنگی هیزه دژ بەیەکەکان و کۆمەلگاش بووه به قوربانی ئەم شەڕەو داوای کردکه بەرەیەکی



بەهێز له ئەورووپا بۆ وەستانەوه دژی ئەم یاسایانه پیکبێت ، دواتر بەگشتی باسی له وەزعی پەنابەرانی عیراقی کرد له ئەورووپادا و تیشکی خستەسەر هەڵسوڕانی فیدراسیون لەم مەیدانەدا. لەکۆتایشدا به دروشمی بەلی بۆ مانەوەی پەنابەرانی عیراقی و نا بۆگەڕانەوه قسەکانی کۆتای پێ هێنا. شایەنی باسه لەنیو چەپلەڕێزانی خۆپیشاندەراندا هەزاران کەس دروشمەکانیان بەدوادا دەوتەوه. ئاپورەیەک له خەڵکی نارازی و دڵگەرم پێشوازیەکی جدیان لەقسەکانی دەشتی کرد. دوای زیاتر له 3 سەعات نەفرەت نیشاندان بەرابەر به یاسای تازەی حکومەتی سویسرا مارشەکه کۆتای پیهات .

فیدراسیونی سەرەتاسەری پەنابەرانی عیراق / سویسرا

**b b b b b b b b b b b b b b**

دوابەدوای خۆپیشاندانی شکۆداری 9/ 2007/11ی بەردەم وەزارەتی کاروباری پەنابەری سویسرا و مارشی کەم وێنەی 17 / 11 و دوای چەند دانیشتین و کۆبوونەوه لەگەڵ ڕێکخراو لایەنه سویسرایەکان وکۆکردنەوەی سەدان ئیمزای نارەزایەتی له دژی سیاسەتی تازەی دولەتی سویسرا سەبارەت به پەنابەرانی کوردستانی عیراق و چاوپکیەوتن وگفتۆگۆی کۆمەڵێکی زۆر له ڕۆژنامەو رادیو. لەڕۆژی 15 / 11 / 07 لەشاری زیوریخ کۆنفراسێکی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەحمد عەلی سکرتیری فیدراسیون له سویسرا و ستیڤان میخی بەرپرسی ڕێکخراوەی ئاوگن ئاوف بەسرا. ڕادیو لۆرا که بەزمانی ئەلمانی بەرنامەکانی بلاودەکاتەوه و بلاوکاوەی فۆرڤیرت و حزبی کاری سویسرا و هەفتەنامەی بی ئیس و حزبی سیولیال دیموکراتی سویسرا ئامادەبوون، دوای

قەسەوباسیکی کورت لەسەر هەلومەرجی کوردست
وعیراق و پەنابەرانی کوردستانی عیراق ئاراستەی ئەحم
عەلی کراو ئەویش وەلامیایەوه. رۆژی 16 / 1
هەئیەتیک له فیدراسیون که پیهاتبوو له دەشتی جەم
سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق
وجەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریەت ولەگە
بالتەسەرگلات ئەندام پەرلەمانی زۆریخ له حزبی سەو
کۆبوونەوه لەو کۆبوونەوەدا وەفدی فیدراسیو
باسێکی کورد سەبارەت وەزعی سیاسی عیراق وئ
هەلومەرجه سەختەی کەپەنابەرانی عیراقی ڕوو بەرو
بوتەوه له ئەوروپا بەگشتی وسویسرا به تایبەتی، و
داوایان کرد که هەول درێ هاوکاری پشتیوا
پەرلەمانتاران ولایەنه سویسرایه کانیان بۆ بەدەستیی
بەریز گلات بەلینی دا که نامەی دەشتی جەما
بگەیەنێته پەرلەمانی سویرا وهەولی ڕێکخستنی دید
لەگەل حزبانه داریەکبخات که لەپەرەلەم
وکۆبوونەوه یەکیش لەگەل وەزتیری هیجره سویسر
ڕێبخات له ئایندەدا . ڕۆژی 18 / 11 سکرتیر
فیدراسیون کۆبوونەوەیەکی لەگەل دەشتی جەما
بەست که تیدا نوێنەرانی بەشیک له شارەکان
کۆمەلێک له هەلسوڕاوان بەشداربوون. سەرەتا ئەحم
عەلی راپۆرتیکاروچالاکیەکانی ئەم دەورەیەی پیشکە
کرد ولایەنه سبی و ئیجابیەکانی دەستنیشانکرد
دواتریش ئامادەبووان پرسیارو سەرنج و تیبیەنیەکا
خسته ڕوو وەلامیان لەلایەن جەمال کۆشش وئەحم
عەلی پێدرایەوه, بەشی دوەمی کۆبوونەوکه باسیک
دەشتی جەمال بوو سەبارەت بەهەلومەرجی ئیستا
عیراق و کوردستان وکەمپیەنی فیدراسیوەن
ئیقداماتەکانی بۆ بەرگری لەمافی پەنابەرا
وەتەئیکیدکردوه له سەرنەخشەو کارەکانی ئاینده
فیدراسیون له سویسرا وپیویستی ڕیکخستنی پەنابەر
باسلێەوەکرا له ریگەی سوسیرا وهاوئاهەنگی کرد
پەنابەران وبزواتنەوەی پەنابەری ودەست ڕاگەشتن
کۆمەپمیەەانی پەنابه وکۆمەک کردنیان و بنکەو ...

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی له سویسر

2007 / 11 / 19

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## با لە ساڵ رۆژی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەراندا ریزی یەکگرتوانەی خۆمان بەهێز بکەین !

دوو ساڵ لەمەوپێش هەر لەم رۆژەداو لەبەرواری 20 / 11 / 2005 حکومەتی بەریتانیا یەکەمین جار 15 پەنابەری کوردی ، نەک هەر بە زۆرو دوور لە هەر خواست و ئارەزوویەکی خۆیان ، بەڵکو بە وێنەی ئەسیری جەنگ و دەستەبەسەرانی مەیدانەکانی جەنگەوە بە تەیارەی جەنگی و بەدەست بەستراوەوە بە سوکایەتی پێکردن و ئازاردان و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو نا ئینسانی دیپۆرتی فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر کردەوە. بەڵام بەداخەوە ئەمە تەنیاو دواین جار نەبوو کە حکومەتی بەریتانیا پەنابەران بەو رەوشت و رێگایە کە دوورە لە هەر پرانسیپ و بنەمایەکی ئینسانی و شارستانیەوە پەنابەران دیپۆرتی کوردستان دەکاتەوە، بەڵکو تا ئێستا سێ وەجبەی بەم شێوەیە دیپۆرتی کوردستان کردۆتەوە ، چەندین جاری تریش هەوڵیداو دەیان پەنابەری تری بە هەمان شێوە لە هەمان رێگەوە دیپۆرتی کوردستانی عێراق بکاتەوە ئەگەر راوەستانەوەو هەڵوێستگرتنی فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی وپشتگیری کردنی دەیان حزب وریکخراوی پەنابەری وئینسانی دۆست و نەقابەی کرێکاری نەبوایە بێ شک ئەمرۆ نەک هەر ئاماری سەدان و هەزار پەنابەری دیپۆرتکراوە لەبەردەستماندا دەبوو ، بەڵکو هەقیقەت ئەوەیە کە بەلەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی زۆرێک لە وولاتانی تری ئەوروپا و ئامادەباش بوونیان بۆ دیپۆرتکردنەوەی هەزاران پەنابەری کوردزمان بۆ کوردستانی عێراق دەبووە رەوشتێکی بەرچاو گشتگیری هەموو ئەو وولاتانەی کە دەمێک ساڵە لە فرسەتێکی گونجاو دەگەرێن بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ وولات و ناوچەیەک کە خۆیان بەرپرسی یەکەمی نا ئەمن بوون و وێران کاری و شەڕوکوشتارێکن کە تێدا دەیان و سەدان هەزار ئینسان ناچار بە رووکردنە هەندەران بوون !

بەڵێ حکومەتی بەریتانیا بە وێنەی ئەسیری جەنگ و لە رێگەی فرۆکەی جەنگی یەوە ژمارەیەک لە پەنابەرانی بەکەلەبچەکراوی دیپۆرتی کوردستانی عێراق کردەوەو بریاری وابوو کەدواین پەنابەریکی کورد کە تا ئەو کاتە لەمافی پەنابەری بەهرەمەند نەبوو دیپۆرت بکاتەوە و لەکوردستانیشەوە بەداخەوە حکومەتی هەرێم پێشوازی لە وەرگرتنەوەیان کرد .

هەروەک خۆتان ئاگادارن کە فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی وەک تەنیا رێکخراو لایەنێکی بەرپرس بە لێبڕاوانەترین شێوە دژ بەم هەڵوێستەی حکومەتی بەریتانیا راوەستایەوە پەردەی لە رووی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانیەدا هەڵماڵی و کەمپێنێکی کاراو نیونەتەوەی فراوانی بەرپاکردە کە خۆشحاڵانە نەک هەر بووە هۆی دەست راگرتنی حکومەتی بەریتانیا لەبەرامبەر بە دیپۆرت کردنەوەی سەدان وهەزاران پەنابەری کوردزماندا،بەڵکو هۆشیار کردنەوەیەکی گرنگ وجدیش بوو بۆهەموو ئەو وولاتانەی تری ئەوروپی کە دەیان وویست هەمان سیناریۆ دوبارە بکەنەوەو سەرئەنجام ئەگەرچی هێشتا حکومەتی بەریتانیا بە رەسمی پاشەکشەی نەکردوە لەو سیاسەتەی خۆی بەلاَم لەمپەرێکی گەورە کاریگەر لەبەردەم سیاسەتەکانی حکومەتی بەریتانیادا کە دەست بردن بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆیان کارێکی ئاسان و بێ دەردی سەرنابێت وئەمرۆ دەیان حزب وریکخراوی پەنابەری وئینسانی دۆست و نەقابەی کریکاری لەمەیدانان دژ بەسیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستانی عێراق !

هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لەساڵ رۆژی ئەم کارەساتەدا هەموو پەنابەران بۆ رزگاربوون یەکجاریەکیان لەمەترسی دیپۆرتکردنەوە لە گرتن و دەست بەرسەرگردن و هەرەشەو سوکایەتی پێ کردن و بێ بەشکردنیان لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان لەدەوری فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراق کۆبنەوە تابەریزی یەکگرتووانەمان بتوانین پاشەکشە بە سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بهێنین لە دڵەراوکەی گرتن و دیپۆرتکردنەوە رزگارمان بێت و لە مافی پەنابەری و نیشتەجێ بوونمان بەهرەمەند بین .

سەرکەوتن لەگەوەی یەگرتنی ریزەکانماندایەو فیدراسیون تەنیا رێکخراوی خەباتکارانەی ئێوەیە پێوەی پەیوەستبن وبەهێزی بکەن و تێدا شانازی بەئەندامبوونتانەوە بکەن لە رێکخراوێکدا کە ئەمرۆ سەنگەری داکۆکیکردنە لە چارەنووسی سەدان هەزار ئینسانە کە بەهۆی نا ئەمنی وشەروکوشتارو بێبەش بوونیان لەماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانیانەوە ناچار بەرووکردنە هەندەران بوون .

فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

2007 / 11 /20

## نوێنەرانی حزبی سوسیال دیمکراتی سوید،حزبی چەپ، حزبی ژینگە پێشنیارێکی تایبەت پێشکەش بە پەرلەمان دەکەن سەبارەت بەگۆرینی یاسای دائیرەی پەنابەرانی سوید لەپەیوەند بە پەنابەرانی عیراقی و ئەفغانی .

بەدوای کۆبوونەوەی کاوەکەریم هەڵسوراوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی سوید و بەرپرسیارانی بەشی پەنابەران لە پەرلەماندا سەبارەت بەکەیسی پەنابەرانی کوردی عیراقی ، نوێنەرانی حزبی سوسیال دیمکراتی سوید ، حزبی چەپ ،حزبی ژینگە پێشنیارێکی تایبەت پێشکەش بەپەرلەمان دەکەن سەبارەت بەگۆرینی یاسای دائیرەی پەنابەرانی سوید لە پەیوەند بە پەنابەرانی عیراقی وئەفغانی.لە پێشنیارەکەدا داوای گۆرینی بەندێک دەکات کە عیراق و ئەفغانستان بە ولاَتی شەڕ لەقەڵەم نادات، ئەوان داوا دەکەن کەعیراقی و ئەفغانستان بە ولاَتی شەڕ بەحساب بهێنن بەم پێیەش هەموو کەیسێکی عێراقی وبەکوردیشەوە مافی پەنابەرێتیان بێ بەبخشری، بەلاَم ئەم گروپە تا ئێستا نەیان توانیوە موافەقەتی تەواوی پەرلەمان بە دەست بهێنن،ئێستا ئەم گرۆپە بە سەرۆکایەتی (ماگدەلینا ستریفیرد) بەهاوکاری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید لە هەوڵدان بۆ کار لەگەڵ ئەندامانی حزبی مەسیحی وحزبی گەل بۆ ئەوەی دەنگیان رازی بکەن لەکاتی دەنگداندا پشتیوانی خۆیان لەو بریارە بکەن، بە پێ ی دواین هەوڵ ئەگەری ئەوەیە هەیە ئەندامانی حزبی گەل و حزبی مەسیح رازی بکەن بۆ ئەو بریارە لەکاتی دەنگداندا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# خۆپیێشاندانی گەورە لە ئەڵمانیا دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عێراقی بەرێ دەخرێت !

ڕۆژی شەمە 12/8 / 2007 لە شاری میونخ خۆپیێشاندان دژ بەناردنەوەی بەزۆرە ملی پەنابەرانی عیراقی لەلایەن ( ڕێکخراوی گەنجانی بێ سنور،کاروانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران و کۆچبەران...)هەروەها بە پشتیوانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی و چەند ئەندام پەرلەمانی ئەو شارەو حزبی سەوزی ئەڵمانیا و بەرپرسی شارەوانی و چەندین ڕێکخراوی بەرگری لەماکانی پەنابەران ڕێک دەخرێت.

داواکاریەکانی ئەم خۆپیێشاندانە بەمجۆرەیە :

راوەستانەوە دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی

راوەستانەوە دژ بە وەرگرتنەوەی مافی پەنابەری لە پەنابەرە عیراقیەکان.

راوەستانەوە دژ بە ڕێگە پێنەدانی مافی کارکردن و مانەوە لە ئەڵمانیا

خۆپیێشاندەران لە (Schwanthalerhohe) کۆدەبنەوە پاشان مارشەکە بەرێیوان بەرەو وەزارەتی ناوخۆی پاڤاریا (Odeonsplatz) درێژە دەکێشێت. .

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە(ڕێبەر حمە سالح) هەڵسوڕاوی فیدراسیون و ڕیکخراوەی گەنجانی بێ سنوور لەشاری مۆنیخ !

## ئەڵمان/ نزیك بە 50 كەس خۆپیێشاندان دەباتە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس...




درێژەی لاپەرەی یەک ....B ، پاشان نۆینەرانی چەند رێکخراو لەسەر بارودۆخی نائەمنی عیراق و کوردستان وراوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی عێراقی کە ماوەیەکە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە بەرێوەدەبرێت قسەو باسیان پێشکەشکرد....بریاریان داوە درێژە بەم کەمپینە بدرێ تا جێ بەجێکردنی خواستەکانی ئەم کەمپینە کە بریتی یە لە:

1-هێڵی ئاسمانی زاگرۆس رازی نەبن تیکت بفرۆشن بەحکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران

2-دەست بەجێ هەر تیکتێک بۆ گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران فرۆشراوە بەحکومەتی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنەوە .

شایەنی باسە لەماوەی چەند مانگی رابردوودا ئەم چەند ڕێکخراوە چالاکی جۆر جۆریان ئەنجام داوە دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان لەوانە ئیمزا کۆکردنەوە وپۆستكارت دروستکردن، و کۆرو کۆبوونەوە، پەیوەندی بەرێکخراوە پەنابەری وئینسانیەکان بەرامبەر بە سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی ئەڵمانیاو هەمان سەرچاوە بە سکرتاریەتی فیدراسیۆنیان راگەیاند لە مانگی یەکەوە تا مانگی 8 ی ئەمساڵ زیاتر لە 8 پەنابەری کوردی عیراقی لە شاری فرانکفۆرتەوە راستەوخۆ دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر کراونەتەوە وە تائێستا هەموو هەفتەیەک 1 پەنابەر بەو ڕێگایەدا دیپۆرت دەکرێتەوە.

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەژمارە تەلەفونەوە: (**00491795719474**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕۆژنامەی گاردیان نامەیەك بە ئیمزای سكرتێری فیدراسیۆن و ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا و نوێنەری چەند لایەنێك دژ بە ناردنەوەی پەنابەرانی كورد بڵاو دەكاتەوە

گاردیانی ئەمڕۆ نامەیەكی ( دەشتی جەمال) سكرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، ( John McDonnell ) ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا ،( Karen Johnson) لەبەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عێراق ،( Mick Duncan لە ڕێكخراوی ( No Sweat campaign) ، (Sofie Buckland ) لە یەكیتی قوتابیان لەژێر ناونیشانی (گێڕانەوەی پەنابەران هێشتا لەمەترسیدایە بۆ عێراق) بە بۆنەی دووساڵ بەسەر تێ پەڕ بوونی ناردنەوەی پەنابەرانی كوردی عێراقی بەكەلەپچەو بەفڕۆكەی سەربازی بۆ كوردستان بڵاو دەكاتەوە. لەم نامەیەدا هەڵوێستی ئەم لایەنانە دژ بەگێڕانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆكوردستان و هەلومەرجی نائەمنی و ناجێگیری كوردستان وهەڕەشەی توركیاو ئیران وە بۆمبارانكردنی دێهاتەكانی كوردستان باس دەكات ، داوا دەكات دەستبەجێ گێڕانەوەی پەنابەران ڕابگیرێ و پەنابەران مافی خوێندن وكاركردن وخزمەت گوزاریەكان و مافی مانەوەیان پێ بدرێ. دەقی نامەكە لەم لینكە تەماشا بكە:

http://www.guardian.co.uk/immigration/story/0,,2217109,00.html#article_continue

## درێژەی چالاكیەكانی فیدراسیون لەسویسرا :

ڕۆژی 2007/11/22 وەفدێكی فیدراسیونی كە پێكهاتبوو لە ئەحمەد عەلی ، ستاری پەیكەرتاش ، موحەمەد عبدلكریم وە حسام علی. بەشداریان لە كۆبوونەوەیەكی كۆمیتەی دژی ڕاسیزم لە شاری زوریخ كرد، كەفیداراسیون ئەندامێكی چالاكە لەو كۆمیتەیەدا . كۆبوونەوەكە تایبەت بوو بە مانگرتنێكی چەند ڕۆژە بەدژی سیاسەتی تازەی دەوڵەتی سویسرا كە بڕیارە لە 1/1 / 2008وە كاری پێبكرێ ، بەپێی ئەو بڕیارە كەسانێك كە قەبوڵنەكرێن دەخرێنە كەمپەوە مافی كاركرنیان لێ دەسێنرێتەوە ...

ڕۆژی 24/ 11/ 2007 ئەحمەد عەلی سكرتێری فیدراسیون لە سویسرا كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ بەشێكی بەرچاو لە پەنابەرانی شاری خوری سویسرادا سازكرد، ئەحمەد عەلی لەم كۆبوونەوەیەدا قسەوباسی بۆ پەنابەران كردو ئاماژەی بە هەلومەرجی پەنابەران لە سویسرا كردو تائكیدی كردەوە كە فیدراسیون لە پێشەوەی سەنگەری دیفاعكردندایە لە پەنابەران وە هەروەها باسی كارو هەڵسورانی فیدراسیونی كردو بانگەوازی ئامادە بوونی كرد كەبەشداری چالاكانیان هەبێت لە بزوتنەوەی نارەزایەتی پەنابەراندا كە فیدراسیون بەرێیخستووە .

دواتر لەلایەن ئامادە بوان پێشوازی و پشتیوانەی گەرمی خۆیان دەربری لەكارو چالاكی و پرۆژكانی فیدراسیون و هاوكات كۆمەلیك پرسیارو تێبینی و داواكاریان گەیاندە فیدراسیون كە لە كۆبوونەوەكەدا وەلامیان پێ درایەوە .

سكرتاریەتی فیدراسیون لە سویسرا

2007/11/30

## دەتوانن پەیوەند بكەن بە سكرتاریەتی فیدراسیونەوە


**دەشتی جەمال**

d.jamal@ntlworl.com

**جەمال كۆشش**

jamal-hasan@hotmail.com

**بابان عسمان:**

badasoz74@hotmail.com

**جاسم غفور**

jasm_rg@yahoo.couk

**عمر ئەمین**

omaramin8@hotmail.com

**ئاسۆ گۆران :**

asobalabarz116@hotmail.com

**سۆزان حسین :**

irakco@hotmail.com

**ڕێبوار عارف :**

fediraq@welho.com

**ناونیشانی پۆستی سكرتاریەت**

IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK


**هەفتەنامەی فیدراسیون بخوێنەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دووربەرتان، ڕا پۆرت و هەواڵ و چالاكیەكانی خۆتانی بۆبنێرن وپرسیارو پێشنیارەكانتان بخەنەروو بەدڵنیایەوە لەبەرچاویان دەگرین و وەلامیان دەدەینەوە!**

**سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیون**

**ڕێبوار عارف**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# کۆتای کۆبوونەوەی گشتی فیدراسیون لە سوید

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەکەی سوید لە رۆژی .... کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەندامان و هەلسوڕاوانی فیدراسیون لە سوید ئەنجامدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێ یان لەم کۆبوونەوەدا بەشداربوون.سەرەتا لەکۆبوونەوەکەدا بابان عسمان سکرتیری فیدراسیون لە سوید پاش بەخێرهاتنی بەشدار بووان قسەوباسیکی لە پەیوەند بە گرنگی وهۆکاری بەرپاکردنی کۆبوو نەوەکە کرد پاش دەورەیەک لە کارو هەڵسوڕان. پاشان عمر ئەمین ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیون قسەو باسیکی سەبارەت بەکارەکانی ئەم دەورەی فیدراسیون بەتایبەت پاش کۆنگرەی فیدراسیون .

لەبەشێک لە قسەوباسەکانی هاوڕێ عمردا ئاماژە بە گرنی پەرپیدانی خەباتی پەنابەران و فراوانکردنەوەی کەمپیەکانی فیدراسیون کرا سەبارەت بە داکۆکی کردن لەماف و داواخوازیەکانی پەنابەران وبەتایبەت ڕێخستن و رابەری کردنی جولانەوەیەکی سەرتاسەری دژ بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەران. لەبەشیکی تری قسەوباسەکانیدا ئاماژە بە فراوانکردنەوەی و سازادنەوەی یەکەو بنەکەکانی فیدرسایون کرا و هەروەها باس لەگرنگی بەدەستەوە گرتنی شیوازی عەمەلی وگونجاوی کار کردنکراو هاوکات باس لە گرنگی ادغامی پەنابەران و رۆلی فیدراسیون کرا لە کۆمەلگای نوێ دا . لەبەشکی تری نەخشەکارو هەلسورانی فیدراسیونی خستەروو کە تیدا تائیکیدی لەسەر چەند مەیدانی سەرەکی کردوە لەوانە گرنگی دا بە کاروارِی راگەیاندنە و بە تایبەت بە دەوری رادیۆی فیدراسیون و نەخشەی پیشیرەوانەی لە ووشیار کردنەوە ڕێکخستنی پەنابەران بۆ داکۆکیکردن لەماف و داخوازیەکانی خۆیان و پەرەپیدانی کەمپین و هەلسورانەکانی فیدسیران هەروەها بریاری ئەوەدرا کە هەول بدریت بە زووترین کار نووسینگەی فیدرسایون لە شاری ستۆکهولم بکریتەوەو دابمەزرینین. لەدوابەشی کۆبونەوەکەدا 9 کەس لە هاوڕێ یان و هەڵسوڕاوان دیاری کران بە مەبەستی بەریوەبردن و رابەری کردنی کاروبارەکاین فیدراسیون لەسوید کە سەرئەنجام جاریکی تر بابان عسمان وەک سکرتیری فیدراسیون لە سوید هەلبژێرایەوە .

شایەنی باسە سەرلەئێوارەی هەمان رۆژدا ئاهەنگێکی خۆش لەلایەن فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەکەی سوید و کۆمیتەی دیفاع لەمافەکانی ژنان ل سوید بەرپاکرا کە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران تیدابەشداریان کرد و پاشان لەلایەن ( بابان عسمان و هەلالە رافع )وەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووان کراو بەرنامەی ئەو ئێوارە پیشکەشکرا و بەم شێوە ماوەی 6 سەعات ئاهەنگێکی خۆش بەرپاکرا .

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەکەی سوید

2007 / 11 / 18

**D**پاشماوەی شەقام بەدەست ئیمەیە :

ئەوەی لیّرەدا بۆ جیگەی پرسیارو تیا رمانە ئەوەیە کە ئایا دەکریت و ئیمکانی دەبێت لەکاتیکدا بەرەیەکی ئازادیخوازی ئەم کۆمەلگایانە بە دایفاع لەمافەکانی ئیّمە هاتوونەتە مەیدان و لە نەبەردیکی دەستەویەخەدان لەگەل دەسەلاتدارانا، بەلام هیشتا بەشیک لە ئیمەی پەنابەران خۆمان لە دوورِیانی چاوەڕوانی وئەمرۆ سبەی کردندا ببینینەوە؟ ئەمە لە کاتیکدایە کەجیاواز لەهەڕەشەی بەردەوامی بریاری دیپۆرت کردنەوەمان، هاوکات هەرئیستە سەدان کەس لە گرتووخانەکانی ئەم ولاتانە لەبەردەم مەترسی دیپۆرتکردنەوەدان. کە رەنگە نامەی پۆل پۆلی ئەو پەنابەرانەی کەڕوویان کردوەتە فیدراسیون بۆ رزگار کردنیان لەمەترسی دیپۆرتکردنەوە تەنیا مشتیک لە خەرمانیک بیت. کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کەڕیزی یەککگرتوانەی خۆمان ڕیکبخەین و بە کەمپەینی فیدراسیونەوە پەیوەست بن تائیۆش لەوشانازیە گەورە بەهرەمەند بن و بتوانن لەڕیگەی بەهێزکردنی ئەم جۆلانەوەیەوە ئالو گۆڕیک لە ژیانی ئەو هەزاران ئینسانە پێکبهینن کە بەهۆی نائەمنی کوردستان وپیّشیلکردنی ماف وئازادیە کانیانەوە ناچاربەڕوو کردنە هەندەران بوون. جیّگەی گۆمان نیە کەسەنگەری بەرگریکردن لەبەها ئینسانیەکانی ئەو هەموو ئەو قوربانیانە تەنیا ئەو فیدراسیونە شەقام هەژاینەرەیە کەئەم رۆژانە لە سویسرا سەلماندیان کەئەم ڕیکخراوە پیتانسیلی بەرپاکردنی لەمپەریکی وا گەورەو کاریگەری هەیە کەڕێ بەدیپۆرت کردنەوەی پەنابەران بگرێ. ئەم هەنگاوە مەزنە لەگەرو. دەخالەت ودەوری پیشرەوانەی ئیوەدابوو دەستانخۆش !

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەبەشداری نزیکەی 100 کەس ڕێپێوانی سەنتەری منالان بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری لە یاڤلە بەڕێوە چوو ..!!

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمیتەی یاڤلە بۆ مافی پەنابەری کە ڕێکخراوێکی سویدییە و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری دەکات، هەستان بەسازدانی ڕێپێوانێکی شکۆدار بۆ نارەزایەتی دەبرین لە دژی بریاری بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان و عێراق و درێژ نەکردنەوەی ماوەی ئەو ئیقامە کاتییە یەک سالییەی کە بە پەنابەرانی کوردی عێراقی درابوو . Migrationsverket "دائیرەی هجرەی سوید" ماوەیەکە دەستی کردووە بە ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بە زۆر بۆ کوردستان، ئەو خەلکانەی کە ئیقامەی یەک سالیان هەبوو لەسەرەتای سالی 2007 ەوە پیان ڕاگەیەندراوە کە دەبێت سوید بەجێبهێلن ، بگە ڕێنەوە بۆ کوردستان .... هەلگورد محەمەد یەکێکە لەو پەنابەرە کوردانەی کە نزیکەی دوو هەفتەیە دەست بەسەرەوەو تا ئێستا دووجار نێردراوەتەوە، جارێک بۆ عەممان و لە وێشەوە جارێکی تر بۆ کوردستان بەلام لە هیچ لایەک وەریان نەگرتووە،

بۆیە ناچار دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ سوید بە یاروەری چەند پۆلیسێک و هەتا ئێستا هەر دەست بەسەرە وەک ئەوەی تاوانێکی ئەنجام دابێت! سەنتەری منالان و کۆمیتەی یاڤلە بۆ مافی پەنابەری، بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردو عێراقی، ئەمڕۆ هەینی 30 نۆڤەمبەری 2007 هەستاین بە سازدانی ڕێپێوانێک لە سەنترومی شاری یاڤلە، سەرەتاش شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری منالان و ڕێکخەری ڕێپێوانەکە بە زمانەکانی سویدی، کوردی و عەربی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو ئاماجی ئەم ڕێپێوانەی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە، لە قسەکانیدا باسی لەبێمافی ونەهامەتییەکانی پەنابەران بەگشتی و پەنابەرانی کورد بەتایبەتی کرد،... پاشان لە لایەن Maud لەلایەن کۆمیتەی یاڤلە بۆ مافی پەنابەری قسەو باسێک پێشکەش کرا، Björn Öberg جێگری بەپەرسی لاوانی چەپی سوید یاداشتنامەی ڕێپێوانەکەی خوێندەوە. پاشان ڕێپێوانکە بەرەو نووسینگەی Migrationsverket لە یاڤلە بەڕێکەوت، بەدرێژایی ئەو ڕێگایەو بەردەوام شیعار دەوترایەوە ...



لەبەردەم نوسینگەی Migrationsverket پاش تاوێک لە دورشمدان، شێرزاد فاتح و Maud بە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەران چوونە ژوورەوەو لەگەڵ بەرپرسانی Migrationsverket کۆبوونەوەو لیستی داخوازیەکانی پەنابەران تەسلیم بەوان کرا. شایانی ووتنە شێرزاد فاتح لە قسەکانیدا جەختی لەسەر باری ناهەمواری پەنابەران کردەوە، باسی لەوە کرد کە وەزعی کوردستان ئارام نیەو ...، وە بە بەرپرسانی نووسینگەی Migrationsverket ی ڕاگەیاند کە ئێوە

بەم ڕەفتارەتان خەلکانێک کە ماوەی نزیک بە 7 سالە لەم وولاتەدا دەژین ڕووبەڕووی مەرگ دەکەنەوە و داواکارین کە دەست لە بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران هەلگرن، وە داخوازی خۆپیشاندەرانی بۆ بەخشینی مافی پەنابەری دووباتکردەوە وە بەتایبەتیش لە سەر وەزعی پەنابەری دەستبەسەر هەلگورد محمەد کە ماوەی نزیک بە دووهەفتەیە دەست بەسەرەو ئیهانەتی بیدەکرێت و بە ئارەزووی خۆیان بۆ ئەم وولات وئەوووڵاتی دەبەن بەبێ

ئەوەی کە هیچ تاوانێکی کردبێت، داوای ئازاد کردن و بەخشینی مافی پەنابەری بۆی یەگێک لە خالە سەرەکییەکانی داخوازییەکان بوو. ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو لێرەدا ئەوەیە کە هەر یەک لە Anna & Olof بەرپرسانی نوسینگەی Migrationsverket لە یاڤلە باسیان لەوە کرد کە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی ئەو قسانەی ئێوە سەبارەت بە وەزعی کوردستان بە ئێمە ڕاگەیاندووە، ئەو ووتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەلێن کوردستان ناوچەیەکی ئارامەو هیچ کێشەیەکی تێدا نییەو وەک بەهەشت وایەو دەتوانن بێ دوودلی بۆ گەشت وسەیران ڕووبکەنە کوردستان .... سەرەنجام بەلێنیاندا کە داخوازییەکانی ئێمە بگەیەنن بە وەزارەت و لە ماوەیەکی کورتدا وەلاممان بدەنەوە. شایانی ووتنە ژمارەیەک لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوون و لەگەڵ شێرزاد فاتح سازدەری خۆپیشاندانەکە و چەندکەسیتر لەپەنابەران چاوپێکەوتنیان ساز دا، ڕادیۆی یاڤلە بۆری ڕیپۆرتاژێکی لەم بارەوە بلاوکردەوە، ڕۆژنامەی Gefle Dagblad یش لە ژمارەی ئەمڕۆ 1 december 2007 دا لە بارەوە وێنەیک و ڕاپۆرتێکی بلاو کردەوە. شێرزاد فاتح جێگری بەرپرسی سەنتەری منالان.

2007-12-01

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# دوو نامەی پەنابەران لە گرتووخانەکانی بەریتانیاوە

## نامەی 19 پەنابەری کورد لە گرتووخانەی بەریتانیا

کۆمەڵێک پەنابەری کورد لە گرتووخانەی دەستبەسەری کۆڵن برۆک ڕۆژی 13-11 نامەیەکیان لەزیندانەوە فاکسکردوە بۆ فیدراسیۆن وداوایانکردوە ئەم نامەیە ئاراستەی خەڵکی کوردستان وحزب ولایەنەکانی کوردستان بکرێت . هەروەها داوایان کردوە هاوکاریان بکرێت و گوشار بخرێتەسەر حکومەتی بەریتانیا دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران .... کە بەمجۆرەیە : لێرەدا دەقی نامەکە دەخوینەوە کەبەم شێوەیە :

### نامەیەکی کراوە بۆ بەردەم رای گشتی خەڵکی کوردستان

ئێمە ژمارەیەکین لە پەنابەرانی کوردی عیراقی کە هێشتا لەگرتووخانەی (کۆڵن برترن)دا ڕاگیراوین بەبێ لێ پرسینەوەو لە بارودۆخیکی ناهەموارو تەندروستی خراپدا دەژین. سەرباری ئەوەی لەهەموو پێویستەیەکی ژیان وەک پەنابەرێک کە لەم ولاتەدا، داوای مافی پەنابەریمان کردوە بەداخەوە سەرباری داستانێکی درێژ لەکیشەو گیروگرفتێکی زۆرناخرس کەلەڕێگای هەندەرەاندا تووشمان بووە، وە سالانێک زۆرە کە لە بەریتانیا ژیانمان بەسەربردووە، وەئێستا حکومەتی بەریتانیا بەنیازە بەڕێگایەکی غەیرە قانوون وپێشلێکردنی مافی مرۆڤ ڕەوانەی کوردستانمان بکاتەوە. ئێمە پێویستمان بەهاوکاری وڕای گشتی خەڵکی کوردستانە وگشت حزب ولایەنە سیاسیەکانی کە گوشار خەنەسەر حکومەتی بەریتان دواکاری : 1-حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی بەزۆر نێراوە وەرنەگرنەوە، وەنامەیەکی ڕەسمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی وەبنیرن بۆ حکومەتی بەریتانیاو هۆم ئۆفیس . 2= ئەو فرۆکەخانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ڕێگە بەهیچ وولاتێک نەدەن کەهیچ کوردێکی بەزۆر نێراوە بهێننەوە هەرێمی کوردستان.

ئیتر لەکۆتایدا چاوەرانی وەلامی بەریزتانین 2007 /11/13

ئالان کەمال عزیز، شیروان علی عمر، هیمن فەتاح، ئەمیر محمود ، نزا حسین، هیمین محمد ، مستەفا احمد، حمید مجید عبدللە ، عەبدول نوری کریم ، کاروان کەریم ، ناسر شوکەت فاتح ، حسین سەردار ، شیرکۆ ، دلشاد بکر ، ئارام عمر ، بەرزان خدر ، فرزەند مجید سەید چاوێ ، بایز کاک ئەحمد عبدللە ، سەرخێل ئەفراسیاب علی

## نابۆ دیپۆرتکردنەوەی بە زۆری پەنابەران !

### 7 پەنابەری دیکەی کورد لە گرتووخانەی هارمندس ورس

### نامە ئاراستەی رای گشتی خەڵکی کوردستان و حزب و لایەنە سیاسیەکان دەکەن

لەنامەیەکدا کە لەلایەن 7 پەنابەری کوردی عێراقی لە گرتووخانەی (HarmandsWorth) بە فاکس ڕەوانەی سکرتارێتی فیدراسیۆنیان کردوە داوایان کردوە ئەم نامە یان بۆ بلاۆبکرێتەوە . نامەکە بۆ بەردەم ڕای گشتی خەڵکی کوردستان و حزب ولایەنە سیاسییەکانەو داواکارن فشار هینان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.... هاوکات ئاماژە بە خراپی باری تەندروستیان دەکەن کە ماوەیەکی زۆرە لە گرتووخانەکانی بەریتانیا راگیراون ..... بریارە بەزۆر لەڕێگای ئەردەنەوە دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە: دەقی نامەکە لە خوارەوە وەک خۆی هاتووە:

پێشەکی ڕێزو سلاومان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە بلاوکردنەوەی ئەم نامە هەڵدەسن و سوپاسیان دەکەین .

نامەیەکی کراوە بۆ بەردەم ڕای گشتی خەڵکی کوردستان حزب و لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان . ئێمە کۆمەڵێک پەنابەرانی کوردی عیراقی لە گرتووخانەی ... ڕاگیراوین کە لەگەڵ گەورەترین کێشەی تەندورستی و باری خراپ بەرەوڕووین وحکومەتی بەریتانیا بەنیازە ئێمە بە زۆرە ملێ لەڕێگەی ئەردەنەوە ڕوانەی فرۆکەخانەی هەولێربکاتەوە . ئێمە هیچ تاوانیکمان نیە بەتەنیا ئەوە نەبێت کە داوای مافی پەنابەریمان کردوە ، خەڵکی کوردستانی عیراقین و ئێمە دەمانەوێت لەوە ئاگادارتان بکەینەوە ئەو پەنابەرانەی کە بەزۆر دەنێرێنەوە بۆ کوردستان بە کەلەبچەوە لەگەل پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆی تا هەولیر بەبێ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم هیچ نارەزایەتیەک دەربریت . بۆیە ئێمە داواکارین لە خەڵکی کوردستان و حزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان بهینین کە فڕۆکەخانەی هەولێر نەخەنە خزمەتی بەریتانیا بۆ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردو هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نیردراوە قبول نەکەن . ئەم نامە لە لایەن فیدراسیونی پەنابەرانەوە بلاودەکرێتەوە لە هاوکاری کردنیان سوپاس گوزارین .

ئاکۆ حەمەسعید 25 /3 / 1989 ڕۆژی لەدایک بوون / حسین فەلاح ئەحمەد 1 /1984/1 ڕۆژی لەدایک بوون / ئالان ئیمام محەمەد 1 /2 / 1980 ڕۆژی لەدایک بوون/ ئارام عبدللە قادر 3/12 / 1989 ڕۆژی لەدایک بوون /دلۆزار حمەد محەمەد5 /6 / 1977 ڕۆژی لەدایک بوون / ئەحمەد عبدلرحمان 1 /7 / 1974

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com